# پرسی ناگۆرنی قەرەباخ

دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، لەرۆژی 2ی سێمپتەبەری ساڵی 1991 و بەپێی پێوەرە سەرەکییە نێودەوڵەتیەکانیش کۆماری ناگۆرنی قەرەباخ پێکهێنرا و سەربەخۆیی خۆی راگەیاند.

## چاوپێداخشاندنێکی مێژوویی

ناگۆرنی قەرەباخ (کە لە ئەرمینیای بە ئرتساخ ناودەبرێت)، دەکەوێتە ناوچەی باکوری رۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی ئەرمینیاوە. هەر لەکۆنەوە بە هەرێمێکی مێژوویی ئەرمەنی هەژمار کراوە. بەگوێرەی سەرچاوە کۆنەکان، رووبـاری کۆرا دەکەوێتە سنورەکانی باکوری رۆژهەڵاتی.

هەرێمی ئەورارتۆی ئەرمەنی کۆن (9 ـ 6 سەدەی پێش زایینی) ئرتساخ بەناوی (ئەورتیخی - ئەورتیخینی) ئاماژەی پێکراوە. سروشـت و ژینگەکەی و ناوچە شاخاوییە دڵرفێنەکانی وایکردووە پێگەیەکی جوگرافی تایبەتی هەبێت، چونکە لە کارەکانی (سترابۆ، بلینی گەورە، کلۆدیۆس بتلیمۆس، بلوتارخو دیون کاسیۆس)دا جەخت لـەوە دەکەنەوە کە رووبـاری «کـۆرا» دەکەوێتە سەر سنورەکانی نێوان ئەرمینیا و ئەغفانك (قەوقاز و ئەلبانیا، کە دراوسێیەکی کۆنی قەوقاز بووە و پێکهاتەیەکن لە گەلانی شاخاوی.

دوای ساڵی 387 زاینی، ئەرمینیا لەنێوان بێزەنتە و



(بڵاوکراوەی باڵیۆزخانەی کۆماری ئەرمینیا لە کوەیت)

FOCUS

فارسدا دابەشکرا. بەمەش ڕۆژهەڵاتی قەوقاز دروستبوو، لەوانەش ئورتساخ، لەژێر دەسەڵاتی فارسدا مایەوە. بەڵام ئەوە کاری نەکردە سەر سنورە نەژادیەکان و کەناراوەکانی لای ڕاستی ڕووباری کۆرا لە ناوچەکە، تا کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. ئەرمەنەکان لەگەڵ (قەرەباخ) لەو ناوچەیە مانەوە. پاشان لە نیوەی سەدەی هەژدەدا هۆزە تورکە بەدەویەکان سنورەکانی باکوری قەرەباخیان بەزاند و تا سەردەمانێکی دووردرێژ شەڕ لەگەڵ بنەماڵە خانەدانەکانی ئەرمەنی هەر بەردەوام بوو. چینی خانەدانی ناگۆرنی قەرەباخ، کە لەلایەن شازادەکانی «مالیکس» حوکم دەکرا، توانیان بەهۆی چەند کەسایەتی و خانەدان و یەکەی سەربازی جیاجیاوە پارێزگاری لە حوکمی زاتی خۆیان بکەن. بە ناچاری بەرهەڵستی هێرشەکانی سوپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و داگیرکاری هۆزە بەدەویەکانیان دەکرد. زۆرجاریش بەهۆی دراوسێ و سوپاکانی شای ئێرانیش تووشی دابەشبوون دەهاتن. مالکیسی ئورتساخ هەوڵیان دەدا خۆیان لەژێر هەژمونی (موسڵمانەکان)ی دەوروبەر بهێننەدەر. بۆ ئەو مەبەستەش مالیکسی قەرەباخ هاوپەیمانی لەگەڵ قەیسەرەکانی روس دەکرد، لەوانەش پیتەری یەکەم و پۆلی یەکەم لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە.

لە ساڵی 1805، کەرتی ئورتساخی مێژوویی ناونرا بە (خانی قەرەباخ) لەگەڵ چەند ناوچەیەکی تری باشوری قەوقاز و ڕۆژهەڵات فراوانتر کرا، چونکە بنکەیەکی هەتاهەتایی ئیمپراتۆریەتی روسەکان بوو. هەر لەساڵی (1813) پەیماننامەی گولیستان و لەساڵی (1828) پەیماننامەی تورکمنشای لەنێوان روسیا وڵاتی فارس واژۆکرابوو.

## ئورتساخ لەسەدەی بیست

دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی روسی، ماوەیەکی ئاشتیانە باڵی کێشا بەسەر ناوچەکە تا ساڵی 1917 بەردەوام بوو، دوای ڕێکخستنەوەی نوێی وڵاتان، کە بەم دواییە لە ناوچەی قەوقاز رویدا، ناگۆرنی قەرەباخ بووە شانۆیەکی جەنگی لەنێوان کۆماری ئەرمینیای سەربەخۆ و وڵاتی ئازەربایجانی دیموکراسی میللی تازە دروست بوو. کە بەهۆی دەستتێوەردانی تورکیاوە سەری هەڵدا و لەنێوان ساڵانی 1918 بۆ 1920 چەند پێکدادانێك لەسەر ئەو خاکە ڕوویاندا. هەر لەو ساتەی دەوڵەتی ئازەربایجان پێکهێنراوە، داواکاری هەرێمی هەبوو لەبارەی خاکی ئەرمینیای گەورە لەناوچەی قەوقاز. بۆ ئەو مەبەستەش سودی لەو دۆخە تێکەڵەی نێوان کاروبارەکان وەرگرت بەهۆی جەنگی جیهانی و روخانی ئیمپراتۆریەتی روسی. دواتر بەهۆی بەردەوامی قڕکردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنەکان لەساڵی 1915، هێزەکانی تورکیا لەگەڵ هێزی ئازەری لە 1918 ــ 1920 یەکیان گرت بۆ ئەوەی بە سەدان گوند و شارۆچکەی ئەرمەنی لەناوببەن. چەندین کردەوەی قڕکردن و پاکتاوکردنی ئەرمەنی لە باکووری گیانجاش ڕوویاندا. تەنیا لە ناگۆرنی قەرەباخ بەرهەڵستی سەربازی، واتە بەرهەڵستی چەکداری توند ئەنجامدرا، هەرچەندە لە ڕۆژی 28ی مایۆی 1920، شوشی پایتەختی ناوچەکەی سوتاند و خەڵکەکەیان کوشت و شارەکەشیان تاڵانکرد.

لەو کاتەدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سوربوو لەسەر هاتنە ناو ئەو ململانێیە بۆ رزگارکردنی ئەوانەی دەتوانرێت رزگاریان بکەن. لە یەکی دیسەمبەری 1920 بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەی فەرعی سێی لیژنەی پێنجی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە کۆدەنگی هاتنی کۆماری ئازەربایجانی دیموکراسیان بۆ ناو کۆمەڵەی گەلان ڕەتکردەوە، بەهۆی چاوچنۆکیەکانی ئازەربایجان و قڕکردنی ئەرمەنەکان، کە بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان ئەنجام درابوو. پێش ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بگەنە بڕیارێکی کۆتایی لەسەر ئەو کێشەیە، وەك ناوچەی جێ ناکۆك دانیان نا بە ناگۆرنی قەرەباخدا، جگە لە ئازەربایجانیش هەموو لایەك دانی بەو بڕیارەدا نا. بەمەش لەکاتی پێکهێنانی کۆماری ئازەربایجانی دیموکراتی لەساڵی 1918 ــ 1920 نە ناگۆرنی قەرەباخ و نە «ناخچەوان» نەکەوتنە ناو سنورەکانی.

زیادبونی ڕۆڵی سۆڤیەتی لە قەوقاز، هاوکات بوو لەگەڵ سیستەمی سیاسی نوێ لە ساڵی 1920، دوای دامەزراندنی ئازەربایجانی سۆڤیەتیش، هێزەکانی روسیا بەشێوەیەکی کاتی چوونە ناو ناگۆرنی قەرەباخ، تا ئەو کاتەی چارەسەرێکی ئاشتیانە دەدۆزرێتەوە بۆ ئەو کێشەیە بەپێی پەیماننامەیەك لەنێوان روسیای سۆڤیەتی و کۆماری ئەرمینیا، بەڵام هەر دوای دروستکردنی حوکمەتێکی سۆڤیەتی لە ئەرمینیا، ئازەربیجان هەر زوو (لیژنەی شۆڕشگێڕان ــ کە کەرەستەیەکی سەرەکی دەسەڵاتدارانی بەلەشەفی بوو ئەوکاتە)، ڕایانگەیاند کە هەریەك لە ناگۆرنی قەرەباخ و زانگیزور و ناخچەوان بەشێکی جیانەکراوەی ئەرمینیان. لەڕاستیدا ئەو ڕاگەیەنراوە هەموو مافێکی داواکردنی کۆماری ئازەری بەسەر ناگۆرنی قەرەباخ و زانگیزور و ناخچەوان لابرد.

دواتر بەپێی ئەو ڕاگەیەنراوە و دوای ڕێکەوتنێك لەنێوان هەردوو حکومەتی ئەرمەنی و ئازەری، لە یۆنیۆی ساڵی 1921 ئەرمینیا ڕاگەیاند کە ناگۆرنی قەرەباخ بەشێکی جیانەکراوەی ئەرمینیایە و دەقی ئەو مەرسومەش لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەرمەنی و ئازەربایجانی: «باکۆی کرێکاری» و «دەنگی ئازەربایجانی شیوعی» و «لیژنەی ناوەندی حزب» بڵاوکرایەوە. ئەو ڕاگەیەنراوەش (ناگۆرنی قەرەباخ بەشێکی لە ئەرمینیا) لە چاوچێوەی یاسایەکی نێودەوڵەتی جێبەجێکرا, ئەمەش دوا کاری یاسایی بوو لەلایەن ڕژێمی شیوعی لە قەوقاز.

هەریەك لە روسیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشوازیان لەم

کارە کرد و نەتەوە یەکگرتووەکانیش پەسەندی کرد. لە رۆژی 18ی دیسەمبەری 1920 بڕیارەکە دەرچوو، ئەمینداری جێبەجێکاری نەتەوە یەکگرتووەکان -کە باڵاترین دەستەی نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی گەلانە- لە یاداشتنامەیەکدا بۆ وڵاتانی ئەندام، هەروەها لەراپۆرتی ساڵانەی خۆی 1920 ــ 1921 لەخولی یانزەی سۆڤیەتی، دانی بەمەدا نا.

بەڵام دوای ئەوە، چونکە فەرماندە بەلشەفیەکانی روسیا، کە دەیانویست سیاسەتی (شۆڕشی کۆمۆنیستیی نێودەوڵەتی) بەهێزبکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا راسپێردا تا هەڵگری مەشخەڵی شۆڕش بێت لە رۆژهەڵات. ئەمەش وایکرد هەڵوێستەکە بگۆڕێت سەبارەت بە پەیوەندیە بەهێزەکەی تورکیا لەگەڵ ئازەربایجان و مەسەلەی (ناوچە جێ ناکۆکەکان)، لەوانەش ناوچەی ناگۆرنی قەرەباخ.

بە رێنمایی مۆسکۆ، سەرکردەکانی ئازەربایجان دووبارە دەستیان کردەوە بە وتووێژ لەبارەی ناگۆرنی قەرەباخ لە ساڵی 1921، دانیشتنی گشتی ئۆفیسی قەوقاز، بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی فەرامۆش کرد و رەتیکردەوە راپرسیەکی جەماوەری بکرێت بۆ دیاریکردنی سنوری نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان. لەژێر فشاری ستالیندا، بە زەبری هێز بڕیارێك درا بۆ جیاکردنەوەی ناگۆرنی قەرەباخ لە ئەرمینیا، کە ئەمەش پێچەوانەی بنەمای یەکگرتن بوو. هەرچەندە دەقەکە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەو خاکە ئەرمەنیە، بەڵام لە چوارچێوەی ئازەربایجانێکی سۆسیالیستیی سۆڤیەتیدا سەروەری و سەربەخۆی نیشتیمانی لەگەڵ چەند تایبەتمەندیەکی فراوان دامەزێنرا.

ئازەربایجان بەهەر رێگایەك سەربەخۆی زاتی بە ناگۆرنی قەرەباخ دوادەخست، پاشان دوای ململانێیەکی جەنگی کە لەلایەن «کارباگتیس»ەوە کرا و دوو ساڵی خایاند، هەروەها پێداگری Hkbk ، لەساڵی 1923 ناوچەیەکی حوکمی زاتی لەسەر بەشێکی بچوکی ئەو خاکە راگەیەنرا. ناگۆرنی قەرەباخ دابەشکرا و بووە بەشێکی سەربەخۆ، کەچی بەشەکەی تری کەوتە ژێر ئیدارەی ئازەربایجانی سۆڤیەتی. بەو شێوەیە پەیوەندی سروشتی و جوگرافی لەنێوان ئەرمینیا و ئەرمەن لە ناوچەی حوکمی زاتی دیاریکرا.

بەمەش بەشێکی زۆری ئەو خاکەی نەتەوەیەکگرتووەکان وەك (ناوچە جێ ناکۆکەکان) دانی پێدانا، خرایە سەر ئازەربایجان، چەند ناوچەیەکی ناگۆرنی قەرەباخ وەك (گولیستان، کلباجار، کاراخات، داشیکسان، لاشین، شمخور) جیاکرانەوە.

لەراستیدا، مەسەلەی قەرەباخ چارەسەر نەکرا، بەڵکو تا حەفتا ساڵ هەر بە چەقبەستوویی مایەوە. زۆربەی ئەرمینیەکانی ناگۆرنی قەرەباخ، لە چەندین بۆنەدا و بە ناردنی پەیام و نامە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی لە مۆسکۆ، داوای لابردنی بڕیارە نادەستوری و ناقانونیەکەی ساڵی 1921 دەکەن و داوای گواستنەوەی ناگۆرنی قەرەباخ دەکەن بۆ سەر ئەرمینیا. تەنانەت لەکاتی چەوساندنەوەکانی ستالینیشدا، کاتێك کە بارودۆخەکە لەباربوو بۆ نەفی کردنی دانیشتوان لە نیشتمانە کۆنەکەی خۆیان (وەك وڵاتانی تر رووبەرووی چەوساندنەوە بوونەوە). خەباتی ئەرمەنەکان بۆ ئازادکردنی ناگۆرنی قەرەباخ لە دەست کۆماری ئازەربایجانی سۆسیالیستی سۆڤیەتی هەر نەوەستاوە.\

## کێشەی ئەرتساخ

ساڵی 1988 خاڵێکی گۆڕانکاری گەورە لە مێژووی ناگۆرنی قەرەباخ رویدا، دەنگی گەل بەرزبۆوە لەپێناو بەرگریکردن لە ماف و ئازادیەکان و دانیشتوانی ئەرمەنیی لە ناگۆرنی قەرەباخ داوایان کرد رێز لە هەموو رێسایەکی یاسایی بگیرێت و کەرەستەی جەماوەری بخرێتەگەڕ بۆ دەربڕینی ئیرادەی گەلان و لەگەڵ ئەرمینیا یەك بگرنەوە. ئەو رووداوە یەکلاکەرەوانە، نەك تەنیا هەر لە ژیانی ئورتساخی ئەرمەنی، بەڵکو مافی چارەی خۆنوسینی سەرجەم گەلانی ئەرمینیا دیاری دەکرد. لە 20ی فێبرایری ساڵی 1988 نوێنەرانی گەل لە خولێکی دەگمەنی ئەنجومەنی حوکمی زاتی بۆ ناگۆرنی قەرەباخ، بڕیارێکی مێژوویان دا، ئەو بانگەوازە بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەتی بوو بۆ جیابوونەوە لە ناوچەکە و بانگەوازێکیش بوو بۆ ئەرمینیای سۆڤیەتی لەسەر یەکگرتنەوە. هەروەها بانگەوازیش بۆ ئەنجومەنی سۆڤیەتی باڵا بۆ یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستیەکانی سۆڤیەتی، کە دان بەو گۆڕانانەدا بنێن لەسەر بنەمای رێسای یاسایی بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە ناکۆکیانە لەناو یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستیە سۆڤیەتیەکان.

دوابەدوای ئەوەش هەموو هەوڵێك درا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی شارستانی، تا سنورێك بۆ ئەو توندوتیژیە بەرفراوانە دابنرێت و چیتر مافەکانی دانیشتوانی ئەرمەنی فەرامۆش نەکرێت و گەمارۆی سەریان لابرێت. بە سەدان کیلۆمەتر لە ناوچەی ناگۆرنی قەرەباخ تووشی قڕکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ بوونەوە. هەروەها لە شارەکانی ئازەربایجانیش وەك (سومگایت، باکۆ، کیروف ئاباد، شمخور)، دواتریش لە سەرجەم ئازەربایجان، زیاتر لە 450.000 ئەرمینی لە گوند و شارەکان لە ئازەربایجان و ناگۆرنی قەرەباخ ئاوارە و دەربەدەربوون.

دواتر لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشی نوێنەرانی گەلی ناگۆرنی قەرەباخ و ئەنجومەنی هەرێمەکانی شاهومیان لە 2ی ئەیلولی ساڵی 1991، کۆماری ناگۆرنی قەرەباخ لەسەر بنەمای ئەو سنورانەی پێشوو بۆی دیاریکرابوو راگەیەنرا. واژۆ لەسەر راگەیاندنی سەربەخۆی کۆماری

ناگۆرنی قەرەباخ کرا و سەربەخۆیی شەرعی بە پاڵپشتی یەکێتی سۆڤیەت بۆ تەشریعاتەکان لە 3ی ئەپریلی ساڵی 1990 بەدیهات، (ئەو لیستەی کە مەسەلەکانی پەیوەست بەکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت رێکدەخات بۆ جیابوونەوەی لەو یەکێتییە). ئەو یاسایە رێگە دەدات بە مافی حوکمی زاتی و بڕیاردانی سەربەخۆ و دانانی دۆخی قانونی بۆ وڵات لەکاتی جیابونەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت.

پاشان ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەتی بۆ ئازەربایجان لەماوەی نێوان (نۆڤەمبەری 1990) بەپێچەوانەی هەموو رێسایەکی قانونی، بڕیریدا بە دەرکردنی یاسای پاکتاوکردنی ناوچەی ناگۆرنی قەرەباخ و دادگای دەستوری رایگەیاند کە یەکێتی کۆمارە سۆسیالیستیەکان نادەستوریە. پێش روخانی فەرمی یەکێتی سۆڤیەتیش بە چەند رۆژێك، لە 10ی دیسەمبەری ساڵی 1991 راپرسیەك لە ناگۆرنی قەرەباخ ئەنجامدرا و زۆرینەی دانیشتوان لە بەرژەوەندی سەربەخۆبونێکی تەواو لە ئازەربایجان دەنگیاندا. دواتر هەڵبژاردنی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی یەکەم حکومەتی کۆماری بۆ ناگۆرنی قەرەباخ ئەنجادرا و دەستیکرد بە کارەکانی، هەرچەندە لە بارودۆخێکی دژواری جەنگ و گەمارۆ دوژمنانەدا بـوو، کە لەلایەن ئازەربایجانەوە دەکرایە سـەری، بە بەکارهێنانی چەك و کەرەستەی جەنگی سوپای یەکێتی سۆڤیەت. ئازەربایجان دەستیکرد بە کاراکردنی پرۆسە سەربازیەکانی دژی ناگۆرنی قەرەباخ.

وەك دیارە چۆن جەنگەکە گەیشتە پلەیەکی جیاواز لە سەرکەوتن لە پایزی ساڵی 1991 تا ساڵی 1994، ناگۆرنی قەرەباخ بە چەند کاتێکی دژوار و سەخت تێپەری، کاتێك کە نزیکەی 60 لە سەدی خاکەکەی داگیرکرا و ستیباناگیرتی پایتەخت و ناوچە قەرەباڵغەکانی دانیشتوان تووشی بۆردومانێکی چڕی ئاسمانی و تۆپبارانکردنی بەردەوام بونەوە. هێزەکانی بەرگری لەناگۆرنی قەرەباخ شاری «شوش»یان رزگارکرد لە مانگی مایۆی 1992 و رێرەوی ناوچەی «لاشین» کرایەوە و هەلێك رەخسا بۆ وەرگرتنەوەی خاکەکانی ناگۆرنی قەرەباخ. بەمەش توانرا بەشێك لە گەمارۆی چەند ساڵەی سەر ناگۆرنی قەرەباخ هەڵبگیرێت.

لە یۆنیو و یۆلیۆی ساڵی 1992، سوپای ئازەربایجان بەتەواوی دەستی بەسەر ناوچەی «شاهومیان»دا گرت و بەشێکی زۆریش لە ناوچەی «مارتاگیرت» و بەشێك لە «مارتونی» و «ئەسکیرانت» و «هادروت». لە ئۆگەستی ساڵی 1992 کۆنگرێسی ئەمەریکی ئیدانەی کردەوەکانی ئازەربایجانی کرد و حکومەتی راسپارد بۆ پێدانی یارمەتی ئابوری بۆ ئەو دەوڵەتە.

ژیـان لە ناگۆرنی قەرەباخ بە تـەواوی بریتی بوو لە هەوڵی سەربازی لەپێناو بەرهەڵستی کردنی ئازەربایجان. لە14 ئۆگەستی 1992 وڵاتی ناگۆرنی قەرەباخ لیژنەیەکی بەرگری پێکهێنا لەسەر بنەمای رێکخستنەوە و سەرکردایەتی ناوەندی. سوپای بەرگری توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ئەو خاکەی وەربگرێتەوە کە پێشتر لەلایەن ئازەربایجانەوە داگیرکرابوو. لە کاتی پێکدادانەکانیشدا توانرا چەند ناوچەیەکی ئازەریش بگیرێت کە وەك هێڵێك بەکار دەهێنرا دژی ئەوان. ناوچەکی ئەمنی دامەزرا، کە هەڕەشەیەکی راستەوخۆی لەسەر نەبوو.

لە «بیشکیك»ی پایتەختی قرگیزستان و لە 5ی مایۆی ساڵی 1994 واژۆ لەسەر رێکەوتنێك کرا لەگەڵ روسیا و ئەنجومەنی پەرلەمانی بۆ وڵاتانی سەربەخۆ، بەپێی ئەو رێککەوتنە تا ئێستا ئاگربەست راگەیەنرا.

لە ساڵی 1992 گروپی (مینیسك) پێکهێنرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباخ و لەژێر سەرپەرشتی ئەوان پرۆسەیەکی دانوستاندن پێشکەشکرا و بۆ کۆنگرەی مینسك ئامادەکرا.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی باڵیۆزخانەی کۆماری ئەرمینیا لە کوەیت**

**/http://kuwait.mfa.am/ar/karabagh**

> **ناگۆرنی قەرەباخ، دەکەوێتە ناوچەی باکوری رۆژهەڵاتی بەرزاییەکانی ئەرمینیاوە. هەر لەکۆنەوە بە هەرێمێکی مێژوویی ئەرمەنی هەژمار کراوە. بەگوێرەی سەرچاوە کۆنەکان، رووباری کۆرا دەکەوێتە سنورەکانی باکوری رۆژهەڵاتی**